# وەزارەتی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوی (ASK)
# کار بۆ پرۆژەکەی حکومەتی ئەمریکا دەکەن..



بۆ بەشداریکردنی هەمەلایەنە لەکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکومیەکان و ئامادەکردنی پرۆژەی سودبەخشانە لەم بوارەدا، ئەمڕۆ 2008/7/6 بەڕێز د.شوان محەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە نوسینگەی تایبەتی خۆی لە دیوانی وەزارەت پێشوازی لە وەفدێکی ڕێکخراوی (ASK) کرد کە پێکهاتبوون لە بەڕێز (ڕێبین ڕەسوڵ) لێپرسراوی ڕێکخراوەکە و (هودا زەنگەنە) ڕێکخەری پرۆژەکان لە ڕێکخراوەکەدا.

لەسەرەتای دیدارەکەدا وەفدی میوان ناوەڕۆکی ئەم پرۆژەیەی خستەروو کە لە قۆناغی کۆتاییدان دەربارەی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان کە مەکتەبی مافی مرۆڤ و دیموکراسی لە بالیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا لەمیانی ئەو پرۆژەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا ئەنجامیدەدات و بە هەوڵ و

کۆششی ڕێکخراوی (ASK) بەشێکی لە کوردستان جێبەجێدەکرێ و بودجەکەشی لەسەر وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەبێت.

هەروەها لێپرسراوی ڕێکخراوی (ASK) ئەوەشی ڕاگەیاند کە ڕێکخراوەکەیان لەبەرنامەڕێژی خۆیاندا تا ئێستاکە ژمارەیەك پرۆژەیان ئەنجامداوە کە زیاتر لایەنی پێگەیاندنی ژنانی گرتۆتەوە لەمانە پرۆژەی دروستکردنی ئافرەتی سەرکردە کە ئێستاکە هەندێکیان ئەندامی پەرلەمانی کوردستانن، دوا پرۆژەشیان کردنەوەی نوسینگەیەکی دیراساتە لەناو مەکتەبەی پەرلەمانی کوردستان و (15) پسپۆڕ لەناو لیژنەکانی پەرلەمان دادەنرێ و ماوەکەشی (2) ساڵ دەخایەنێ و لە 2008/9/1 ەوە دەست بەکارەکانی دەکات، ئەمە سەرباری ژمارەیەکی دیکەی کارە ئەنجامدراوەکانی ڕێکخراوەکەیان لە بواری چاودێری کردنی ڕەوشی دادگاکان و چاودێری لێژنەکانی پەرلەمانی کوردستان.

دیسانەوە هەر لەتەوەری ئەم پرۆژەیەی کە بڕیار لەمەڕ توندوتیژی دژی ژنان بەهاوکاری باڵیوزخانەی ئەمریکا بەشێکی لە کوردستان ئەنجامدەدرێ گفتوگۆ لەسەر ئەوە کرا کە زەروریەتە هەردوو وەزارەتی مافی مرۆڤ و ناوخۆ بەشداربن و پشتگیری لەم پرۆژەیە بکەن بەو پێیەی کە ئەم دوو وەزارەتە ڕۆڵی گرنگیان گێڕاوە بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە و ژمارەیکی زۆر چالاکی و ئامار و بەدواداچوونیان بۆ کردووە و ئەم پشتگیرییەش دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ زیاتر بایەخ پێدانی حکومەتی ئەمریکا بەم مەسەلەیەوە و کارکردنی بەردەوام لەسەریا.

لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ بەخۆشحاڵیەوە پێشوازی لەم پرۆژەیە کرد و بەڵێنیشیدا کە بەهەموو توانایەك و لەچوارچێوەی کارە یاساییەکان پشتگیری لەم پرۆژەیە بکات و بەشداری کاریگەرانەش لەم بوارەدا بنوێنرێ و دەستخۆشیشی لەکارەکانی ڕێکخراوی (ASK) کرد کە توانیویانە پرۆژەی لەبار و سوودمەند پێشکەشبکەن کە ببێتە بەشێك لە بنیاتنانی کاری تۆکمە و گەورە لە پێناوی دروستبوونی دامەزراوەیەکی کوردی مۆدێرن و پارێزرا و بە مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسیەت.